موحسین شوانی

# ئابڕووی هەژدە خونچە

شیعر

٢٠٠٧

ئابڕووی هەژدە خونچە ...شیعر
موحسین شوانی
چاپخانەی ژین
تیراژ: ١٠٠٠
ژمارەی سپاردن :٤٧سالّی ٢٠٠٧

# پێش شیعر

**بە پێنوسی :ئە بوبەکر کاروانی**

شاعیر بوون لەمانا قوولەکانیدا هەستێکی ناسك لای مرۆڤ دەخولقێنیٚ،مرۆڤ بەرەو تێڕامانی فەلسەفی وسەرسام بوون وکارلێکی وجودی لەگەڵ دیمەن ودیاردەودەرکەوتەکاندا دەبات، شاعیر بەرامبەر بەتراژیدیا زوو کاری تێدەکریٚ ودەشتوانیٚ زیاتر لەئاماژەیەکی دڵکرانەوەوتاسە لەجونی یەکاندا ببینیٚ ،زمانی شیعر زمانی گیانیە،بەراکردنی بیٚ زمانەکانە،زمانی سکالاٌکردنە بۆ ئاسۆ دوورەکان وبنمێچە هەرەبەرزەکان وشۆربوونەوەیە بۆخوارەوەی دەریای دڵ وبەرزبوونەوەیە بۆ سەروچیای سەربەرزی،بەلاٌم باری ناهەمواروویٚرانی سیاسەت وستەمی چەوسێنەران وبوونی ناعەدالەتی زۆر جار وا لەشاعیر دەکات لەباتی سەر پەرژانە سەرمانا گەورەکانی بوون وئەوین وپرسە جاویدایەکان ،لابکاتەوە بەرامبەر قسەکردن وهەڵوێستگرتن بەرامبەر مەسەلە سیاسی وئیداری وئابووریە رۆژانەییەکان،لێرەدا شاعیر دەبێت بەرۆشنبیر ،بەلاٌم بەبیٚ چەکی رۆشنبیر ،بەمانا پرۆڤیشنالە سنووردارەکە،چیرۆکی ئەم براگەنجە شاعیرەش لەم چوار چێوەدایە ،کاتیٚ ئەوشیعرانە دەخوێنیتەوەکە لەدووتوٚی ئەم دیوانەدان ،هەست دەکەی ئەمیش کەسێکی غەمبارو نارازیە ،دیمەنە نائاسای یەکان ئازاری دەدەن وشیعرەکانی دەکات بەشتیٚ لەو درووشمانەی گەنجەکان بەرزی دەکەنەوە ،بەهەستێکی تێکەڵاوی موسڵمانیەتی ونەتەوەیی وهاوولاٌتی بوون،رەخنە لەواقیعەکەدەگرێت وبەشداری قسەکردن دەکات ،لەرەخنە گرتنیشیدا هەندیٚ جار هەست دەکەی وەك ئەم نەوەی ئێستا زمانێکی توند بەکاردێنیٚ کەمەرج نییە ئێمە لەگەڵیدابین ،هەست دەکرێت بۆرەخنە گرتن لەواقیعەکە شێوازی شیعری هەشتاکان بەکاردێنیٚ،وکاریگەری عەبدولاٌ پەشێوی شاعیریشی بەسەرەوە دیارە ،بەلاٌم بەڕوێکی تردا،هەرچۆنیٚ بیٚ ئەمیش دەنگێکەو لەناو دەنگەکاندا ،دەکرێت لەگەڵ قوڵکردنەوەی ئەزموونەکەدا دوارۆژێکی گەشتر چاوەڕوانی بکات ،لەقۆناغێکی تردا قوولتر گوزارشت لە ڕازەکانی خۆی ومرۆڤ وسرووشت بکات ،سەرکەوتوویێت وهەمیشە هەستی زیندوو،هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم .

ئەبوبەکر کاروانی
٢٠٠٦/١٢/٢١
هەولێر

**ئابڕووی هەژدە خونچە**

**************

**مەملەکەتی تاریکستان**

**لەهەرێمی گەندەڵستان**

**لەسەربزەو خەندەیلێوی**

**کوڕوکچێك خوێن دەڕێژن!**

**بنەماڵە..**

**هۆزو تیرە ،**

**بەبووختانێ**

**لەسەر ماچی نێوژووانێ**

**هەربەووتەی دەمشڕێکی ناحەزی ژن**

**دەبنە دوژمن !**

**هەژدە خونچە،**

**هەژدە گوڵی بۆننەکراوی**

**سووری گەرمیان،**

**هەژدە داوێن پاکی خاوەن ڕەوشتی جوان،**

**ئەم شۆخانە**

**هەژدە بوخچەی نەکراوەبوون،**

**هەژدەمانگ و.ئەستێرە بوون.**

**هەژدەخۆری کوردستان بوون،**

**فریشتە بوون**

**ئافرۆتیت بوون**

**گوڵبژێرێك**

**لەسەدو هەشتاو دووهەزار**

## ئابڕووی هەژدە خونچە

ژان وئازار
هەژدە نازو
هەژدە پەری
هەژدەخووشکی ئاسك ئاسا
لەپێدەشتی گەرمیانەوە
بەبەرچاوی جاشی کورد و..

عەگال بەسەر،
بەبەرچاوی مەلاومێزەر، ..پاپاوقەشە
وەکودیاری بۆناحوسنی پێشکەشکران
سەرانی کورد
شەڕتان لەسەر هەمووشت کرد!
تەنیا ئابڕووی ئەنفالەکان
دەوەرنە دەنگ
چارەنووسی کچی گەرمیان
لای ئەزهەروعەمروموسان!.
٢٠٠٦/٤/٢

*لەگۆڤاری (پەیامی ڕاستی) ژمارە(٧٨) بلاوکراوەتەوە.

بەراوورد

******

ڕووخساری پڕ لەهەیبەتی پێشمەرگەیەك،

بۆنی شەوڕۆو

ئەدیداس وشەرواڵ وڕانك وچۆغەیەك

تۆزو خۆڵی نیشتووی ڕیش و

سەرولاشەی کوڕی ئەوسا

بۆنی خاکو...

ئاووکانی

کوردستانی لێ دەباری

چەکی دەستی هەرکامێکیان

ئازایەتی و

وورەومژدەی سەرکەوتنی

بۆ میللەت دەکرد بەدیاری

دەمی پڕ،

پرگۆرانی

لاوك وحەیران

بەستەو جوانی

شیعری ئەوسای سەرزاری گەنج

سروودی گەل،

کەی دەبێتە کورتە نامەی جنێو فرۆش

ووتەی شڕی نێو مۆبایل؟

دەست وپەنجەی

بادراوی سەرمەوجی رادیۆیێکی شڕونابووت

### ئابڕووی هەژدە خونچە

یاریمۆت وسەتەلایەت
یابینینی فلیمی رووت؟
تێنوێتی شاخ،
مەتارەی ئاو،
ئاوی کانی
یامەستی باڕ
خواردنەوەی باشترین مەی؟
ئاوی مەعدەن ،ئاوی بیانی؟
نیگای چاوی شەنگەبێری،..
بزەی لێویکچە کوردێکیلادێی
بەماست ودۆ
یاپانتۆڵ وجلی هیندی
دەست درێژی باوك بۆ کژ!!
براو خوشك
حەیا چوون وعەشقی درۆ؟؟
حەزی سواری تراکتۆرو پیکەب هەشتا
کەی دەبێتە(فول ئەنجێکشن)
هەواوپۆزی ناومۆنیکا
سەرینی بەرد...
پێخەفی خاك،
کورتەخەوی نێوئەشکەوتیٚ
یا خەوی نێوخانووی مەڕمەڕ
بەرسبلیت و
باوەشی گەرمی چەند ژنیٚ؟؟

## ئابڕووی هەژدە خونچە

ئەوسا شەڕمان
شەڕی کورد و
چارەنووس و
رزگاربوونی کوردستان
ئێستا شەڕمان
خەمی گەورەی چارەنووسمان
بۆتە حیزب و
کورسی وگیرفان!!
٢٠٠٦/١١/٨

*لەگۆڤاری(ستاندەر)ژمارە (١٠)٢٠٠٦بلاۆکراوەتەوە.

زەکاتی ٣/١٦

********

بەقەد مووچەی پیا وماقول و

بەگ وکوێخاو...

دیوەخانان،

بەقەد پارەی

مێزی باڕوبەزمی شەوو...

تیا ترۆکان،

پەنجەرەیەك

لەخانووە مەڕمەڕەکەی

ڕووکنی گەڕەك،

پشکێکیکەم

لەپرۆژەی پەلەوەرو

قەلی وولأت،

چەند تەلیسێك

لەخەرمانی کێڵگەکان و...

یەك لەسەدا

دراوی پڕ دەمی داهات

زەکاتێك لە

نێو بازاڕو...

سووپەڕ مارکێت،

وەکو سواڵیش

ئەوەی دەیدەن لەترسانا

بەهارو شێت،

## ئابڕووی هەژدە خونچە

تۆزێك لەمە ،
کەمێکی کەم،
خەرجی ماڵ و
پاسەوان و...
مۆنیکاکان،
گەر دەوێرن
وەکو زەکات
لە١٦/٣
لەشەرمانا
بۆهەڵەبجەیقڕبنێرن!!.
٢٠٠٦/٣/١٧

*لەگۆڤاری (ستاندەر )ژمارە (٣) نیسانی ٢٠٠٦بڵاوکراوەتەوە.

پاداشت

*****

گوللە مەنێن بەهاواری

دەمی تێنووی گەنجەکانمان ،

تف مەکەنە داواکاری

سادەترین مافی ژینی

لاوەکانمان،

قەڵا لەسەر سکی زەوی

بنیات دەنرێ

خەڵکی قەڵا

بێ ئاگانە لەخوارەوە

مێگەل بۆچی نالەوەڕێ!

ڕقی خەڵك دامرکێنن،..

نارەزایی مەخەسێنن،..

بەردی دەستی مێرد منداڵێك..

پاڕانەوەی پیرێژنێ...

ووردە جوێنی پیرەمێردێ..

وەشاندنی چەند گۆچانێ..

داوای ئاوو،..سووتەمەنی..

رووناکی ماڵ ،...ساردەمەنی..

کەیدەبێتە دەست لەپشت و

خیانەتی!

دەرگای زیندان بکەنەوە

ئەودەنگانە..

## ئابڕووی هەژدە خونچە

ئەودەمانە..
ئەو قوڕگانە
خەلأت بکەن
داوای مافی ژیان دەکەن
ئەودەنگانە
دەمی بەعس
پاڵە وان وشۆڕش گێڕبوون....
بەلأم ئێستا
هەمان دەنگن
بەخائین وگێرەشێوێن..
ناوزەددەکرێن.
٢٠٠٦/٨/١٩

*لەگۆڤاری (پەیامی ڕاستی) ژمارە (٧٧) ٢٠٠٦بلأوکراوەتەوە.

**مێگەل**

*****

**بەرپرسانی مۆدێرنی کورد**

**چیتان بەم کوردستانە کرد**

**ناوی پیرۆزی پێشمەرگەو..**

**خەباتی شاختان بۆگەن کرد...**

**سامانی گەلتان هەللووشی**

**درۆتان کرد**

**دزیتان کرد**

**هەرچیتان کرد**

**هەرچیتان برد**

**درشت وورد**

**قبوڵمان کرد**

**شەهیدانمان..**

**ڕابردوومان..**

**سەروەریمان..**

**قوربانیمان**

**مێژووی پڕ شانازی ئێمەتان ڕیسواکرد**

**کورد وخاك وگۆڕ وهەرێمتان**

**لەت لەت کرد**

**کەچی ئێمە**

**دەست لەسەر سنگ قبووڵمان کرد**

**هەموو شتان بەحیزب کرد**

**دڵ وقودسی نەتەوەتان بەهەڕاج برد**

## ئابڕووی هەژدە خونچە

کە چوون بۆلای باوەگوڕ گوڕ
بەگوڕ بەگوڕ
بۆ تالاڵن ودووبەرەکی پەلەتان کرد
کەچی ئێمە قبووڵمان کرد
چ گەلێکی سڕو کپین
هەرچیتان کرد
دەنگمان پێدان
هەرچیتان گووت
قبووڵمان کرد
ملیۆنێك ستوونی بیٚ تەزوو!!
یەك ملیۆن ماڵی ساردو سڕ!!
کەچی لەم لاوە
چەند دیوەخانی گەرم وگوڕ
کوردستانێك پڕ تاریکی!!
دووهەرێمی پڕگەندەڵی
یاسایێکی پڕ ناڕێکی
شەهیدانەی پێشمەرگەو جاش
یەکسان ، یەکسان
هەندیٚ جاریش جاش زیاترن
لەپێشترن
پیرۆزترن
بەڕێزترن
بەرپرسەکان
زوویر مەبن
ئێوەگەورەن

## ئابڕووی هەژدە خونچە

ئاغاو وبەگن
هەرچی دەڵێن
چیتان دەوێ
چۆنتان دەوێ
لەسەر سەرن
ئێوە شوانی ئەم میللەتە کڕو شڕەن
پێشمان کەون
یالەدواوە بەگۆچانی کادیرانی
دەستی حیزب
وەکو مێگەل لێمان خوڕن
لێمان هڕن !!.
کوێلەی ئێوەین
بمانفرۆشن،
بمانکڕن
سەرمان بڕن!!.
٢٠٠٧/١/١

موژدە

*****

سەریپەنچەی مۆرکراوو
هەردەپەنچەیخۆش باوەڕمان
بقرتێنن !
ئەگەر وویستیان
ئەمجارەشیان
درۆوساختەی هەڵبژاردن
بنەخشێنن !
بەسادەیی مەخەڵتێن
گوێچکەکانمان
بەقورسواخ دەن
تا نەبیستین مووژدەو بەڵێنی
بێ بەڵێن ،
کە سەرکردەش کۆبوونەوە
لەسەر مێزی یەکگرتنەوە
پێیان بڵێن :
دڵنیاینە تادوا وادەی هەڵبژاردن
جارێکی تر
دوو ئیدارە .......
دووهەرێم یەك ناگرنەوە .
٢٠٠٦/١/٦

کۆچ

*****

دەوەرنەوە

چیتان داوە لەعەگال و

مێزەری ڕەش!

لەپایتەختی توندوتیژی،

ناوەراستی بەعس وعۆجە،

خوارووی پاشخان خێچوکەلەش...

لەبن باڵی دشداشەدا

لەمەرقەدی مەرجەع وخوێن،

فتوای قڕی

ئەم کوردە درا!

خێمەو ڕەبعەی

برازڕوچاوڕەشەکان

کەڵی نییە ،

دەوەرنەوە

مەملەکەتیتاریکستان،

ووڵات نەقمی گەندەڵیە

دەوەرنەوە

نێوڕەشماڵی کوردەوای

دوومالی شڕ یەکخەنەوە

٢٠٠٦/٣/١٤

*لەبلاّوکراوەی (تەبایی) ژمارە (١٨) ئابی ٢٠٠٦بلاّوکراوەتەوە.

سەفەر

****

پێش ئەوەی بێن
لەگەڵ خۆتان خۆشەویستی ومیهرەبانی
بەسەر خاك ومەملەكەتی
كوردەواری ببارێنن
سەفەرێكی رۆحی بۆلایسوكنایی دڵ
بڕیاردەدەم
پێش ئەوەی بێن
(گابانی كورد)
وەكو نوێنەر
بۆپێشوازیتان دەنێرم
هاتووم تاوێ لەپاڵ كەعبە
كڕنۆشێكی بەندایەتی
بۆ خوابەرم
هاتووم لەگەڵ هاوەڵانی دارولئەرقەم
وانەكانی ئەم پەیامە
بەنهێنی لەپێغەمبەرم وەگرم
هاتووم پێتان ڕابگەیەنم
دەنگیدەروونی میللەتێ
هاتووم ئێوە
چنگێكی پڕ لەتوڕەیی
هاوارێكی ناخ گڕگرتوو
حەزیڕق و

## ئابڕووی هەژدە خونچە

ئارەزووەسەرشێتەکەم
دامرکێنن
هاتووم شەوێ
لەباوەشی حەڕرای بڕنوور
لەدیداری دوودڵداری
ئەودیوسنووررابمێنم
ماچی ووشەی (اقرأ)بکەم
ئامێزیکی بەخشندەیی
لەوشەوانەی دوای نەمان وبەسەرچوونی
کاتی خەوتن
لەدوانیوەی شەوی تاریك
گوێ لەدوعاو پەرستشی
سەروەر بگرم
هاتووم پەندووئامۆژگاری
ئەبوبەکری هاوڕێیڕێگای
ژین ومردنتان وەرگرم
لەنهێنی پشتیوانی
گەورەی ژنان
لەخەدیجەی خۆشەویست و
هاوسەری پاك
من تێبگەم
هاتووم فێری وانەی وورەوخۆراگری
خاوەن ووشەی (احد)ببم
ببمە فەرشی بەردەم رێگا

## ئابڕووی هەژدە خونچە

دڕکەکانی
ژنەسەرشێتەکەی ئەبولەهەب لابەرم
هاتووم لەدامرکاندنەوەی
ڕقی گەورەی کوڕی خەتاب
لەڕووخساری پڕلەڕێچکەی
ئەشك وترسی پەشیمانی
جەهالەتی پیاوماقوڵی
ئەوعومەرەڕابمێنم
هاتووم کەمێ
لەشەرمی پڕپێزیعوسمان
لای فریشتەی ئاسمانەکان
لای رەسول و
هاوەڵانی
بەشانازی ..بەشەرمەوە
شەرم وبەخشینم بەرکەوێ
هاتووم دەستم بگا بەشمشێری عەلی
لەسوارچاکی..و
ئازایەتی..
لەزانست و
بەندایەتی..
لەرۆژانی پڕمەترسی..
لەئاژاوەی شەڕەکورسی..
خۆراگریوخۆنەوویستی
شەرع زان وخۆشەویستی

## ئابڕووی هەژدە خونچە

هاتووم..هاتووم
بڕوانم لەخواپەرستی
هاتووم جەهلی ئەبوجەهل و..
سەرشێتیەکەی ئەبولەهەب و
ڕقی ئەستووری موغیرەو
لات ومەنات وعوزا
خودای قوڕەیشیە نەزانەکان
ئەعرابیە پێ پەتیەکان
بناسێنم
هاتووم دەستێ
لەگەڵ دەستیفەتحی مەکە
سێ سەدو شەست
پتی کەعبە برووخێنم
دوای سەفەرم
ئینجاوەرن
مەملەکەتی ترس وتۆقین
نەتەوەی بن دەستیکسیرا
جاشی رۆستەم
لەژێرستەم دەربهێنن
ئێمەی کوردیش
بۆپێشوازی..
بۆرزگاری
باوەربەئیسلام دەهێنین
٢٩/٤/٢٠٠٦مەخموور لەگۆڤاری پەیامی راستی ژمارە (٧٦)ی تەمووزی ٢٠٠٦بلأوکراوەتەوە.

## حیکایەتی گەندەڵی

***********

لەشۆستەکان ،

لەشەقامە کپ وپیرە تەپیوەکان ،...

لەگەرووی زێرابە قوفڵ دراوەکان ،...

لەدرەختە خنکاوەکان ،..

لەچیمەنە رەنگە زەرد هەڵگەڕاوەکان،..

لەخوێندنگا ...لەخانەقا..لە کڵێساو لەکۆمەڵگا

لەدارلەبەرد

لەئاسمانە تۆزاویەکەی

هەرێمی کەرت ،

لەگەنج..لەپیر

لەپیاو ..لەژن

لێیان پرسن :

بۆچی کزن ؟

لەوەڵاما

کڕو بێدەنگ

وەکو مێگەل

ملی ڕێگای کپ بوون دەگرن

ئەزانن بۆ؟؟

چونکە کوێلەی دەم بەستراوی

دەستی حیزبن .

٢٠٠٥/١٠/١٩

*بڵاوکراوەی (تەبایی)ژمارە (١٢) ئاداری ٢٠٠٦بڵاوکراوەتەوە.

(کپ بوون)

******

ئەو پیتانەی ئەیانەوێ
زمانێکی قوفلْ دراو
بکەنەوە
سەربڕاون ،
ئەودەنگانەی گەرووی ڕەخنە
والاّ دەکەن
یابەدیاری ...یابەمووچە
شیشدراون،
ئەودەستانەی سەردەمانیٚ
درۆ نووس بوون.....
ئێستاش چەپڵە ....
ئێستاش هوتاف .....
شیعرو ووتار بۆ سەرکردە
دەهۆننەوە
تێکەلٚ بوونە تێکەلْ بوون
مێگەلی حیزب ودەسەلاّت
لەپاوانی شۆڕشی شاخ ،
لەڕووباری خوێنی شەهید،
لەئاخوڕی بەعس وعۆجە....
لەڕەبایەو جاشایەتی......
لەئەنفالی گەرمیانەوە
لەهەلەبجەی گۆڕانەوە

## ئابڕووی هەژدە خونچە

لەدەنگی شوانەی مەهاباد

لەڕاپەڕینی قامیشلۆ

لەغیرەتی ئامەدەوە

بۆ بێ دەنگن !؟

کوا پەیامی کوردایەتی

کوا پێشمەرگەو مەردایەتی؟؟؟؟؟.

٢٠٠٥/٩/

*لەبلاْوکراوەی (تەبایی)ژمارە (١٣) نیسانی ٢٠٠٦بلاْوکراوەتەوە.

## ئابڕووی هەژدە خونچە

گەندەڵ
*******
ئەمڕۆ وولاتم
گەندەل خانەیە
پڕۆژەیزیندووی
دزی خانەیە
خەبات وخوێن و
شەهید وقڕبوون
بەکاردەهێنرێن
بۆ گیرفان پڕبوون
قانیع ببینە چەوساوەکانت
چۆن فەرامۆشن لەکوردستانت
ئەمە ئەزموونی ئازادی کوردە
دیموکرات خوازین لەپشتی پەردە
گەنج ولاووژن بەسیە ئەم دەردە
جاران دەیان ووت کورد هەردەم مەردە
کەلار وئاکرێ دوودەنگ بوون دەنگێ
داخەکەم کپ بوون بەزەبرو زەنگێ!.
٢٠٠٥/١١/١٦

**پێشمەرگە**

*******

**چەکەکانتان بکەنە شان**

**رانك وچۆغەو**

**پشدێن وکوڵ...**

**مەتارەی ئاو،**

**جبەکانتان هەلگرنەوە**

**بۆینباغ وبۆن وتەلار۰۰۰۰۰۰**

**کورسی ویانەو مۆنیکا وشار**

**بۆجاشەکان بهێڵنەوە**

**دارو بەرد وخاك وخۆڵ و**

**ئاووکانیودۆڵ وچیا**

**بانگتان دەکا**

**بۆ شۆرشی کوردبوونەوە**

**پاك بوونەوە**

**لەگەندەڵی**

**لەتێکەڵی**

**لەشەروالّی پیسبوونەوە .**

**٢٠٠٥/١١/١٤**

***لەژمارە (٦) گۆڤاری (ستاندەر) ئابی ٢٠٠٦بلأوکراوەتەوە.**

**ڕژان**

***********

**ئێوە خواتان نەبینیوە**

**چۆن پەیکەری بۆ دەتاشن**

**پەرستراوتان نەناسیوە**

**چۆن دێن وێنەی بۆ دەکێشن**

**چەند فرمێسکی درۆی شڕتان**

**لەڕۆژگارا بۆ سڕیوە**

**لەکاتێکا**

**یەك حەرفێکی پەیامی ئەو**

**چاوی ئێوە نەی بینیوە**

**درۆکانتان هێندە زلن**

**ئیتر گوێچکەی عبدەکانتان**

**بەرگە ناکرێ**

**لەمینبەری دەسەلاَتی ڕەهای حیزب**

**فەرمایشتە چەوتەکانتان**

**سەرناگرێ**

**ئیتر مێگەل**

**بەفەرمانی گۆچانی دەست کادیرانتان**

**خۆی ناگرێ**

**لە دوا ساتی مەرگیش دابێ**

**دوا جار ڕاستی سەر دەکەوێ**

**٢٠٠٥/١٠/١٥**

**تۆبە**

*****

**دەنگی گەلتان لیٚ دزیووم**

**بەکۆنە قامچی عەفلەقی...**

**بەجاشاتی،**

**مەمتۆقیٚنن!**

**بەشاباشیٚ**

**پەیوەندیتان لیٚ بڕیووم**

**بەعس زۆری سووتاندوومە**

**بەسیەئیتر مەمسوتیٚنن!**

**تاکەی تۆزی تاوانتان لیٚ بنیشیٚ**

**ئەوەی هات ونەفرەت بکا**

**بەهای بەرزی کوردایەتی،**

**سامانی گەل هەلبلووشیٚ !**

**رۆژیٚ دادیٚ**

**دەگەڕیٚن بەدوای فریاد ڕەسیٚ**

**کەس بەفریاو**

**کەس بەهانا و**

**کەس تکاتان وەرناگریٚ !**

**من هەست دەکەم**

**کاتیٚ گەلم لەبیٚدەنگی...**

**لەترسانا**

**دادەمیٚنیٚ**

**لەناخەوە**

**کوانووی دڵە سووتاوەکەی**

ئابڕووی هەژدە خونچە

چ پڕۆشکێ

چ ئاگرێ

بەرهەم دێنێ .٢٠٠٥/١٠/٣٠ /٢٧ی رەمەزان

هێندەم شەق وزللەی بەعس پێکەووتووە
ئەوەندەم ئازاری عەفلەقی چەشتـــــووە
بەناچـــــــاری دەچێژم گەندەڵی ئەمڕۆ
لەترســــــــانا مەینەتییەکانم بیر چووە

پەیام بەر

*****

خۆشەویستم

ئەی سەروەرم

ئەی ئاوێنەیڕاستەقینەی خواپەرستی

ئەی ڕابەرم،

لەفەرهەنگی گشت دونیادا

گەڕام ..گەڕام

بۆووشەیەك پڕبەبالاٚت،

پڕبەسۆزومیهرو جوانیت،

پڕ بەعیشقی خودا وویستیت

ماندووشەکەت گەڕامەوە

لەپەیامی تەعالەدا

دۆزیمەوە

لێی نوسرابوو:

(وانك لعلى خلق عظيم)

## پیرۆزبایی

******

خوێن لەشاخ ولەشەرو جەنگ
واژووی هەلبژاردن ودەنگ
قوربانی سەردەمی شۆرش
بەرپرسانیئێستای پەرۆش !
رێکخستن وئابوونەوە
چالاکی وخۆ دزینەوە
لەپێشمەرگەی دێربنەوە
لەشۆرشی زێرینەوە
پەیامێك بۆ جاشایەتی
بەعسی بوون وخیانەتی
پیرۆزتان بێ مووچەو دیاری
خانووبەرەو زەوی شاری

سوکایەتی

*******

ئەو دەستانە ،لەڕەش ڕەشتر
هەمان دەستی
ئەوسای جەهل و..
هەمان دەستی ئەبو جەهلن
پیستر پیستر
بۆگەن بۆگەن
لەموغیرەو ئەبو لەهەب
بۆگەن ترن
لەمەنات ولات وعوزا
کۆنتر کۆنتر
بێ دەسەلاَت ،زۆر کۆنترن
لەئەورووپا کاریکاتێر
لەکوردستان بەناوی ژن
دەم پیس دەم پیس
لەسووك سووکتر لەهیچ هیچتر
ئەبێ چیبن ؟
ئەی شەقامی کوردەواری
بۆ بێ دەگەن
ئەی نەتان گووت
خۆشەویستی پێغەمبەرین ؟!

ئابڕووی هەژدە خونچە

**قەراج**

*****

**قەراج مەڵبەندی بەستەوحەیران**

**عیشقۆیکەلەپوورهەگبەی دۆستانی**

**دەڤەری پڕ خێر دەشتی پڕجوانـی**

**پڕکانی نەوتی پڕدەغڵ ودانـــی**

**بەلاّم داخەکەم هەردەم بیٚنانـــی**

**میوان لێت دەخوات ڕەنجی کابانـی**

**قـــەراج دەمێکە بیٚ ڕێزو نازی**

**هـــەروەکو منالْ پێدەکەن وازی**

**بەرهەمی تۆیە عەمباری جۆیـــە**

**شارەکەت پڕی بخۆ بخۆیـــــە**

**هێندەم شیرو ماست ئەوەندەم دۆیە**

**ووتەی بیٚ کردارخزمەتی درۆیـــە**

**قەراج ئزانم رەنگ زەردو سیس**

**فەرامۆشکراوی کەس لێت ناپرسی**

**لەیادمە قەراج سەردەمی بەعسی**

**رەشماڵی شێخ وپێشەوەی کورسی**

**رۆڵەی دڵسۆزت زیندانی دەکرا**

**خانووی پێشمەرگە چۆن خاپووردەکرا**

**زەوی وزاری تۆ چۆن زەوت دەکرا**

**خاك وخۆڵی تۆ چۆن تەعریب دەکرا**

**هەربەسەربەرزی قەراج مایتەوە**

**ئێستاش کەس نایی هەربەلاتەوە**

*لەبلاّوکراوەی (تەبایی) ژمارە (١٧) ٢٠٠٦بلاّوکراوەتەوە.

رەزامەندی

******

ئەی خودای تاك ،

بۆڕازی تۆوبەندیەتیم

بۆکڕنۆشیٚ،

نویٚژیٚکیپاك

بەفیدات بیٚ هەرچی هەمە

لەپیرۆزی

عیشق وجوانی

نەتەوەوخاك

٢٠٠٦/٩/١

## کاریکاتێر

*******

دە ڵێن پیسی دەمی سەگیش

دەریاورووبار قەدپیس ناکات

بەڵام بۆمن

بینینی سەگ

لەرۆخ دەریا

واتە پیسی وبۆگەنیمان

زووپیێ دەگات

سەگ گشت لاشەیئاوەگڵە

بەڵام کاتیێ کەمیز دەکات

لاقەکانی لێك دوور دەخات

تاپرووشکی پیسی میزی

لەشی پیسی

خۆی پیس نەکات!!.

قەدر

***

ئەوی قەدری قەدر نەگری
شەونەبێتەئێشك گــری
لەپێناوی ئەشك نەسڕی
ناگا بەئەصحابی بەدری

زمان

****

ئەگەر کردارت
وەك گوفتار نەبوو
نانی بەرپرست
وەك هەژارنەبوو
دزوخاوەن ماڵ
دەبنە بەش برا
لەکولانەدا
ئاودیو دەکرێ گا!!

******

ئەوی بەزوبان
ئەڵێ من وامە
یادوور بەدووری
یاخود بەنامە
ئەوە ئەنووسم
بەنووکی خامە
ئەو کەس کەمترە
لەبەردی دامە

ئابڕووی هەژدە خونچە

سواڵ

****

هەڵەبجەبوو

ئێوەی لەشاخ هێنایە شار،

هەڵەبجە بوو

بەعس ڕیسوا•••

ئێوەی کردە سەرکردەو شا!

هەلەبجە بوو

پەرلەمان وحوکمی هێنا

بەڵام ئێوە

لەبەرامبەر هەلەبجەدا

چیتان پێکرا؟!

مۆنۆمێنتی شەهیدەکان؟

سواڵ وخەرجی

بەرپرسەکان؟

ئێستاش پارەی هەڵەبەجەی

بەزمی شەوی

دووهەرێم و•••

نوقمی حەزی مێینەیە!!!!

٢٠٠٦/٤/٢

سروودی ،ڕیَی خودا

*************

ئێمە ڕێبواری ڕێی خوداین

خاوەن بڕواو،پشت وپەناین

پەیمان دەدەین ،پابەند دەبین

تەنیا بەندەی خودا دەبین

تاریکایی شەوەزەنگ وسەختی ژیان وەلا ئەنێین

بەرەو ئاسۆ بۆبەختیاری هەردوو دونیا هەنگاو ئەنێین

بۆ رزگاری وبرایەتی

ئیسلام بوون کوردایەتی

ئەم کاروانە تاسەر دەڕوا

دادپەروەری وکاری ڕەوا

ڕبردوومان ،کاری ئێستاونەخشەی نویَی دواڕۆژمان

ئاسوودەی گەل وولاَت،خزمەت کردن مافی ژیان

ئێمە هاتووین مژدەوچرای

رووناکیمان لەدەست دایە

دەستیَ پیێنوس، دەستیَ ئاشتی

ئازادیمان لەگەلْ دایە

سەرداری مرۆڤایەتی

ئابڕووی هەژدە خونچە

رزگارکەری بەندایەتی
موحە ممەدە پێشەوامان
ئیسلامە بیروبڕوامان

گەیاندنی ئەم پەیامە
پەیڕەوکردنی بەرنامە
ئاواتمان ئاوەدانیە
ئەرکمان جێ نشینیە

ئێمە ڕێبواری ڕێ ی خوداین
ماندوو نەناس براو تەباین
ئەگەر مردین ئەگەر ژیاین
ڕووسووری دوا رۆژو دونیاین

٢٠٠٦/١١/٢٠مەخموور

**تەبشیر**

*****

**بڕۆن ئێرە مەملەکەتی مەرقۆس نىیە**

**پلیتەکان دابەش بکەن**

**لێرە بەهەشت**

**بەفەرمان وحەزی پاپا**

**دەرگاکانی والاّ ناکا**

**بڕۆن بڕۆن**

**نرخی دۆزەخ گران مەکەن**

**کڕیارانی تادوا داوای**

**دیاریکراوی قەشە دەڕۆن**

**لێرە عیساتەنیا بەندەو**

**پێغەمبەرە**

**خودا وکوڕی خودا نىیە!!**

**مزگەوتەکان کەنیسە نین**

**قورئان پەیڤی مەتی نىیە**

**بڕۆن بڕۆن**

**دوا هەوڵتان**

**بێ ئەنجام شەکەتىیە!**

**٢٠٠٦/١٢/٥**

دەست کەوت

*******

ئەدیداسە دڕاوەکانی شاخمان

بۆمەژمێرن

نانی رەق و..

کۆڵی پشت و..

زام وژان وچالاکیمان

پیێ مەفرۆشن

زۆر لەوانەیلافی شۆرش وخەباتیان

بەسەر میللەت ئەدایەوە

دوای رووخانی

بەعس وسەدام

تەنیافایلی خیانەتیان

بۆمایەوە .

٢٠٠٦/٣/٥

*لەبلاْوکراوەی (تەبایی) ژمارە(١٢)٢٠٠٦بلاْوکراوەتەوە.

## ئابڕووی هەژدە خونچە



موحسین حەمەدەمین حوسێن

ناسراوبە موسین شوانی

لەساڵی ١٩٧١ لەدەشتی قەراج سەر بەقەزای مەخمور

چاوی بەژیان هەڵهێناوە .

خوێندنی سەرەتایی ،ناوەندی ،ئامادەیی لەمەخموور

تەواوکردووە .

ئێستا مامۆستای سەرەتاییە

خێزاندارەودووکوڕودوو کچی هەیە

پێنج نامیلکەی شیعری بەچاپ گەیاندووە

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ستاندەرە...دەستەی نووسەرانی پەیامی قەرەچووغە...سەرنووسەری بڵاوکراوەی

تەبای یە.

جگە لەشیعر ووتارو نوسینی لەرۆژنامەو

گۆڤارەکانی هەرێم بڵاوکردۆتەوە .